# کوردستانی عێراق دوای "هەڵبژاردن"!؟

## محسن کریم

ئەوانەی بەشداری ئەو سیناریۆیەیان کرد کە ناویان نابوو هەڵبژاردن، بە مەبەستو دافعی جیاجیاوە بەشداربوون. یەکێك گوایە بە دافعی عیلمانیەتو لەبەرامبەر ئیسلامیەکاندا دەنگی داوە بە لیستی(730). یەکێکی دیکە لەبەرئەوەی پێی وابووە گوایە ئەمان کورد لە خەتەری لایەنە ئیسلامیو نەتەوەپەرستەکانی عەرەب ئەپارێزن، بۆیە تەحەمولی گەندەڵیو غەدری ئەم دوو حیزبەی کردووە لەبەرئەوەی مەسەلەی چارەنوسی لە کیس نەچێت! بە بڕوای من ئەمە گرنگترین هۆکارو دافعی ئەو خەڵکە بوو بۆ بەشداری کردن. بەشێکیش لەبەر ئەوەی نانی بەدەستی حیزبە دەسەڵاتدارەکانە، ناچاربوون بەپێچەوانەی خواستی خۆیانەوە دەنگ بۆ ئەوان بدەن. یەکێکی دیکە لە داخی گەندەڵیو مشەخۆری دەسەڵاتدارانی ناسیۆنالیست دەنگی بە یەکگرتووی ئیسلامی داوە، کە یەکگرتووی ئیسلامی ریاکارانە ئەم مەسەلەیەی کردبووە مادەی سەرەکی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی! نەك بەهۆی بڕوابوونو گەڕانەوە بۆ ئیسلامو بیروباوەڕە ئیسلامیەکان. هەڵبەتە لەپاڵ ئەمانەشدا کەسانێك هەن کە بڕوایان بە هەریەکە لەو لایەنانە هەیەو بەرژەوەندیەکانی خۆیان لەگەڵ ئەواندا دەبیننەوە. بەڵام لە بەشی زۆری ئەم سیناریۆیانەدا پرەنسیپی(هەڵبژاردن لە نێوان خراپو خراپتردا) حوکمی کردووە.

بێگومان بەشێکیش لە خەڵك سەرەڕای هەموو ئەم فشارە مادیو مەعنەویانەی هەلومەرجی سیاسیو کۆمەڵایەتی کوردستان، بەشداری ئەم گاڵتەجاڕەیان نەکردووە. ئەم جەماوەرە هەم لە دەسەڵاتی گەندەڵی ئەحزابی کوردایەتی و سیاسەتە ریاکارو چەواشەکارەکانی نارەحەتو تووڕەن، هەم لە ئیسلامی سیاسیو پەیامە رەشەکەیو هەم لە بەهاو بیروباوەڕو سونەتە کۆنەپەرستە دینیو ئیسلامیەکان.

هەرچۆنێك بێتو سەرەنجام پرۆسەی خۆڵکردنەچاوی جەماوەر تەواوبوو. نەخشەی دەسەڵات بەوپێیەی کە پێشتر دیاریکرابوو، لە سندوقەکانی دەنگدانەوە سەری دەرهێنا. ئەوانەی کە دەسەڵات بەدەست بوونو خەڵك لەگەندەڵیو مشەخۆرییان وەتەنگ هاتوون، وەکو خۆیان مانەوەو یەکگرتووش چەند کورسیەکی دەسەڵاتی لەگەڵ ئەواندا پێبڕا. فیکەی تەواوبوونی یاریەکەش لێدرا!

لەم نێوەدا خەڵك چییان دەست کەوتو چییان لە دەست دا؟ بە بڕوای من خەڵك زەرەریان کرد. بەداخەوە ئەوانەی بەشداربوون دەنگی خۆیان لە دەست دا! نە ئەوانەی پێیان وابوو دەنگیان بۆ عیلمانیەت داوە، نە ئەوانەی گوایە دەنگیان لە دژی گەندەڵی داوە، نە ئەوانەشی دەنگیان بۆ پاراستنی چارەنووسی"کورد" داوە هیچیان براوە نین! براوە ئەوانەن کە ئەمان دەنگیان بۆ داون! ئەوان بە ئیمزای خەڵك، رەوایی کورسیەکانی خۆیان هەر لەبەرامبەر ئەو خەڵکەدا بانگەشە دەکەن.

هێزو لایەنەکانی ناو لیستی 730، نەك عیلمانی نین، بەڵکو لە دژی بزووتنەوەی یەکسانیخوازیو کۆمۆنیستیو کرێکاریو بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنانی کوردستان بەردەوام دەستیان بۆ دینی ئیسلام و هاوکاری دەستەو تاقمە تیرۆریستە ئیسلامیەکان درێژ کردووەو لەبەرامبەر خەڵکدا یاساو سونەتی ئیسلامیان بەڕێوە بردووەو دەبەن. نەك هەر ئەمە بەڵکو ئیسلام لایەنێك لە پێکهاتەی فکریو تەقلیدی کۆمەڵایەتی خۆیان پێك دەهێنێ. بێجگە لەوەی کۆمەڵی ئیسلامی یەکێکە لە تاقمە تیرۆریستەکانی ئیسلامی سیاسی لە کوردستانی عێراق کە لەناو ئەم لیستە "عیلمانی"ەدایە! ئەوانەشی کە بەهۆی بێزارییان لە گەندەڵی دەسەڵاتبەدەستانی ناو لیستی (730) دەنگیان بۆ یەکگرتو داوە، بەداخەوە سێبەری رەشی ئیسلامی سیاسیو تیرۆریزمی ئیسلامی بەسەر کۆمەڵگادا تۆختر دەکەنەوە. سیناریۆی مێژوویی ئێران دێننەوە بەرچاو کە لەبەرامبەر ئیستبدادو بێمافیو گەندەڵی رژێمی شاهەنشایی ئێراندا، بەداخەوە خەڵك بە دەسەڵاتی ئیسلام خۆشخەیاڵ بوون. ئەو خۆشخەیاڵیە بوە مایەی گێڕانەوەی ژیانی خەڵکی ئێران بۆ ناو تاریکستانی کۆمەڵگای جەهلو خورافەو دژایەتی کردنو مردنی هەموو سیمایەکی مەدەنیەتی کۆمەڵگاو ئیعدامو بەردەبارانو.. تاد. کە ئێستا خەڵکی ئێران بە چنگو ددان خەبات دەکەن بۆ دەربازبوون لەم بەربەریەتەی دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی!

بەڵام ئایا مەسەلەی کوردو چارەنوسی سیاسی خەڵکی کوردستان چی بەسەر هات؟ ئایا بەم دەنگدانە، یەك هەنگاو کێشەی کورد لەچارەسەر نزیك بوەوە!؟

من پێم وایە کە لانی کەم لە باری قانونی فۆرمالیەوە چارەسەری کێشەی کورد بۆ(4) ساڵ خرایە دواوە. بۆیە دەڵێم فۆرمالی، چونکە راستیەکەی من پێم وا نییە کە ئەم کۆکتێلە میلیشیایی- عەشیرەتی- تائیفی- مەزهەبی- ئەتنیکیەی بڕیارە حکومەتی "هەمیشەیی"یان بۆماوەی(4) ساڵ لێ پێك بێت، توانای پێکەوە گیرسانو لکانیان هەبێت. نمونەی واقعی رێکەوتنی ئەم میلیشیایانەمان هەیە. پەرلەمانەکەی پارتیو یەکێتی (برای خوێنیی ناو خێزانی کوردایەتی) بەهەزار ئەڵڵاو یا عەلی (2) ساڵ زیاتر بڕی نەکرد. چی گۆڕاوە تا ئەم کۆکتێلە سەیروسەمەرەیە دوو ئەوەندە بڕ بکات!؟ بەڵام هەرچۆنێك بێت، ئەم حیزبانەی کوردایەتی بیانووی یاساییان داوەتە دەست ئیسلامی سیاسی میراتگری ناسیۆنالیستی عەرەبیو ناسیۆنالیزمی عەرەبی بەگشتی کە تا(4) ساڵی تر باسی چارەسەری کێشەی کورد نەکرێ. خۆیان بەرەسمی بۆماوەی (4) ساڵ دانیان ناوە بە لکاندنەوەی کوردستانی عێراق بە عێراقەوە. مەسەلەی خواستی رفراندۆمو ئیدیعای سەربەخۆیی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ لە کوردستانی عێراق، بۆ ماوەی (4) ساڵ خراوەتە دواوە. ئەم دەنگدانەی خەڵك ئەو زەربەیەی دا لە چارەسەری عادیلانەی کێشەی کورد کە ئێستا فرسەتی جێبەجێبوونی هەیەو دوای(4) ساڵی دیکە کەس ناتوانێ پێشبینی ئەوە بکات چی روو دەدات!

ئێستا لەباری یاساییی، وە تەنانەت لە باری سیاسیشەوە بەئاسانی ناتوانرێ گوێگرو پشتیوان بۆ خواستی بەرپاکردنی ریفراندۆم بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی کورد لەناو مەحافیلی نێودەوڵەتیو رای گشتی جیهانیدا پەیدا بکرێت. بە دەلیلێکی زۆر سادە لەبەرئەوەی گوایە خەڵك دەنگی داوە کە کوردستان بۆماوەی (4) ساڵ

وەکو بەشێك لە دەوڵەتی عێراق بمێنێتەوە. ئەوەتا خەڵکی کوردستان لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە بەشداری لە دامەزراندنی دەوڵەتو حکومەتی نوێو هەمیشەیی عێراق دەکەن! بەبڕوای من بەشداری خەڵك لەو بەناو هەڵبژاردنەدا زەربەی لە مەسەلەی چارەسەری عادیلانەی کێشەی کوردو سەربەخۆیی کوردستانو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دا! ئەو ترسەی کە ئێمە خەڵکمان لەبارەیەوە هوشیارکردەوە بەر لە "هەڵبژاردن".